ئاسایشی پارێزگای هەولێر و دهۆک فرمانی دەستگیرکردن بە ئەدهەم بارزانی دەرکردووە

لەلایەن ئاسایشی گشتی هەولێرەوە فرمانی دەستگیرکردن بە ئەدهەم بارزانی، کەسایەتی سیاسی دژی بارزان دەرچووە و داواکراوە لە دوو خاڵی سنوریی بە دەستگیرکردنی.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی بڵاوکراوی ئاسایشی گشتی هەولێر، فرمانێکی ئاسایشی گشتی هەولێر بە سەرجەم بازگەو خاڵە سنوری و فڕۆکەخانەکانی سنووری پارێزگای دهۆک و هەولێر نێردراوە و داواکراوە ئەدهەم بارزانی سەرکردەی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئامێزای مەسعود بارزانی دەستگیربکرێت.

شایەنی باسە، ئەدهەم بارانی ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە و پێشتر ڕایگەیاندووە کە بە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە بە فرمانی ڕاستەوخۆی مەسعود بارزانی هەولێری جێهێشتووە لەم دواییانەدا، ئەدهەم بارزانی ڕایگەیاند کە بەنیازە سکاڵایەک لە دادگای فیدراڵی پێشکێش بکات، دژ بە فرمانی هەکاری دەرکردنی بە بنەما لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان (هەولێر و دهۆک) دەرچووە و شوێنی نیشتەجێبوونی، هەروەک خۆی ڕایگەیاندووە.

فرمانی دەستگیرکردنی ئەدهەم بارزانی